


**دەستینا**

## بۆ دەستینا قەندیل، کەخۆری ئازادی لەگۆڕی ئەودا سەر دەردەکات

دەستینا

ئارام بخەوە، ئارام

تنۆک تنۆک خوێنت

لەجەستەی خاکێك دایە

کەزینوویی ڕایدەژەنێ و

بەرخۆدان خۆراکی پێدەدا

دەستینا ئارام بخەوە

مشتەنوور و گردەسپی و کانی کوردان و

چیای شەنگال

ئیلهامی خۆڕاگری و

خۆراك لەتۆ وەردەگرن.

دەستینا

ژنانی شەنگال و

کۆبانێ لەچاوەڕوانی فەرمانی تۆن

کەیۆتۆپیا ئاسا

نیشتمانێك لەدەرەوەی سنووری یەزدان و

ئەقڵ و

وجودیەتەوە بنرخێنی.

دەستینا

ئەی جوانترین مەخلوق

ئەی جوانترین فریشتەی سەر زەمین

ئەی بەدیهێنەری ئازادی وتێکشکێنەری

نەریتی باو و

ئەفرێنەری فۆڕمێکیتری مرۆڤبوون.

24/10/2014

ڕانیە

ئەفسانە سرووش

(بەیان حەمید خدر ئیسمائیل) ...خەڵکی چوار قوڕنە ..ناوی دایکیشی(زەینەب)ە و ساڵی 2012 بەشداری ڕیزەکانی بەرخۆدانی رۆژئاوای کوردستان بووە ..نازناوی (دەستینا قەندیل)ە ،لە ڕۆژی 2014-10-20 کەفەرمانداری یەپەژە بووە شەهید بووە.